– « چۆن لە بیرم کرد، ئەمە لە فەستیقاڵی بەسوودی هەمیشەیدا دەژین کە حزبی بەعس خۆی سەرپەرشتی دەکات و ئۆگرەکان لە بەرامبەر هەموو شتێک کراوەن. ل23
لە زەر شوێندا ڕەخنەی توند لەسیاسەت و مامەڵەی ڕژێمی بەعس دەگرێت و زەرجاریش بەشێوازێکی گاڵتەجاریانە ڕەخنە لەسەدام و ڕژێمەکەی دەگرێت. خاڵێکی گرنگی ئەم ڕەمانە ئەوەیە، نووسەر تیشکی خستۆتە سەر لایەنی ئیعلامی بەعسییەکان کە زیاتر لەپەوپاگەندەی نازییەکان وفاشیستەکانەوە نزیکە. لەهەمووشی گرنگتر، داگیرکردنی تاڵەفزیۆنە لەلایەن سەدامەوە، هەموو تاکێکی عیراقی زیاتر ئەم لایەنە بەزاری کردبوو، چونکە تاڵەفزیۆن لەسایەی ڕژێمی سەدام، ببووە دەزگایەکی تایبەت بەسەدام و دارودەستەکانی و کەسی تر بۆی نەبوو لە تاڵەفزیۆن دەربکەوێت. زەرجاریش خاڵێکی لەم دووبارەبوونەوەی وێنەی سەدام بەزاربوون، بۆیە زەرکەس لە ڕقی سەدام سەیری تاڵەفزیۆنی نەدەکرد.

کەماری ترس
کاڵەکەی سەرەکی ڕژێمی بەعس بریتی بوو لەسەپاندنی ترس بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا، هەموو کەسێک دەترسا ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بگیرێت، چونکە یان دەکوژرا، یان بەوپەڕی دڕندەیەوە ئەشکەنجە دەدرا. هەربۆیە هەمووکەس دەترسا و بەدەنگییان لەئاست تاوانەکانی سەدام و ڕژێمەکەی هەڵبژاردبوو.
داپیرەی فورات هەمیشە پێی دەڵێت:
– ڕۆڵە لەدەرەوە قسەمەکە، ئۆگەر لەم بێی من چی بکەم؟ خۆ لە داخا ئەمرم، زمان درێژی مەکە دوایی زمانت دەبڕن، ئەمانە لەخوا ناترسن. ل.19
ئەم دیالۆگە لەناو هەموو ماڵێکدا هەبووە، هەمیشە دایکان دەترسان جگەر گۆشەکانیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بگیرێت و ئەشکەنجەبدرێن.
لەشوێنێکی تردا دەڵێت:
–وشەی قەدەغە زەرترین بەکاربردنی هەبوو لەوڵاتدا، بەتایبەت لای ئەوانەی جەرگیان لەدەستاتیان هەبوو یان پێیانوابوو کە دەستاتداران، ل 95

سیستەمی خوێندن
ئەم ڕەمانە تیشکێکی زەری خستۆتە سەر سیستەمی خوێندن و پەروەردە لەسایەی ڕژێمی بەعسدا، هەرچەندە خاڵێکی پێیان وایە لەسەردەمی بەعسدا سیستەمی خوێندن باشتر بووەو حزبی نەبووە، بەڵام ئەمە

دوورە لە راستییەوە، نووسەر بەحوکمی ئەوەی خەڵکی لەو کاتەدا خوێندکاربووە، زۆر بەباشی شارەزایانە باسی ئەو کاتە دەکات، بەتایبەتی تیشکی خستەتە سەر دوو مەسەلەی گرنگ، یەکەمیان پرسەی بە بەعسیکردن واتە دەبوایە هەموو خوێندکارێک ببێتە ئەندامی حزبی بەعس، خاڵەکی تریش مەسەلەی مەسیرە، یان خۆپیشاندان کە رژێمی بەعس بە زۆر خوێندکارانی دەبرد بۆ خۆپیشاندان ئەمەش لەبەرنە تایبەتیی و جیاوازیکانی حزبی بەعسدا. بەڵام لەهەمووی گرنگتر مەسەلەی بە بەعسیکردنی خوێندکارانە، بابەتێکی گرنگبوو، کە بەتەواوەتی ژیانی خوێندکاران و مامۆستایانی تێکدابوو، زۆرکەس لەبەرئەوەی نەبن بە بەعسی وازیان لە خوێندن هێنا.

– هاوڕێ نەفل فەرمی بوون بە ئەندامی دابەشکرد بەسەرماندا بە ئەوەی پێیبکەینەوە، لەهەمووی ترسناکترئەوبوو سەرۆکی ئەوەی هەشتا تەمەنمان نەگەیشتبووە سێزدە ساڵ دەبوایە ئەو بەڵگەنامەیەمان ئیمزا بکردایە کەسەر بەهیچکام لە حزبە دژبەرەکانی وەک: حزبی دەعوە و شیوعی نین، بەپێچەوانە تووشی سزای لەسێدارەدان دەبینەوە،ل74

خۆشەویستی

نووسەر هەوێداوە لەناو کەماری ترسی بەعسدا، چیرۆکێکی خۆشەویستی ئێجگار جوان بخوڵقێنێت، کاتێک فورات عاشقی ئاریج، کچە دەوڵەمەند دەبێت، نووسەر هەوێداوە بەشێوازێکی فەنتازی، ئەم چیرۆکە بنووسێت. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، نووسەر پەمان دەڵێت کە خۆشەویستی دەتوانێت هەموو سنوورە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان ببەزێنێت. لە هەمانکاتیشدا هێزو توانای گۆڕی بۆ خۆشەویستی بەخشیوە، لەکاتێکدا فورات کوڕێکی مەسیحییە و سەر بە چینی ناوەندی عیراقە، کچی ئاریج، کچە دەوڵەمەندێکی مسوڵمانە، هەردووکیان خۆشەویستی کەیان دەکاتەوە. ئەم چیرۆکەش، هێز و توانای گۆڕی بەم ڕەمانە بەخشیوە، چونکە خوێنەر تووشی بێزاریی و نائومێدی نابێت و تەنها باسی مەرگدەستی و ناخۆشی ژیان ناکات، بگرە نووسەر توانیویەتی چرایەکی ژیاندەستی لەناو تاریکی کەمارە ترسناکەکەی سەدام هێبکات.

مەسیحییەکان

خاڵەکی گرنگی تر بەڵای منارە نووسەر تیشکی خستەتە سەر ژیانی مەسیحییەکانی عیراق، کە یەکێکن لەپێکهاتە گرنگەکانی کۆمەڵگەی عیراقی. بەداخەوە لەناو ئەدەبیاتی عیراقیدا، کەم تیشك خراوەتە سەر پێکهاتەکانی عیراق، بەتایبەتی مەسیحییەکان.

نووسەر لەزەر شوێندا تیشکی خستۆتە سەر ژیانی مەسیحییەکانی عیراق، ئەمەش خاڵێکی جوانی تری ئەم ڕۆمانەیە.
نانکەم شانازی بە بنەچە و نەژادی کلدانییەوە دەکرد، کاتێک هاوبەدەدا قایلی بکەم کە ئەمە لە ڕووی کلتووریەوە عەرەبین یان لانیکەم وەکو ئەرمەن و ئاشووریەکان کراوین بە عەرەب و نەتەوەیەکی جودانین تووڕە دەبوو. ئەوەی لەکلدانی بەمان ماوەتەوە تەنها زمانەکەیە لەکاتی نوێژدا بەکاردێت و نانکەم لەگەڵ خزمانی هاوتەمەنی خۆی پێی دەدوە ،،ل 90 نانکەم مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی وانەیەکی گەورەی مریەمی پاکیزە لەژووری میوان هەڵواسێت، هەروەها موکڕ بوو کە وانەکەی سەرێک لەژێر ئەوەی مریەم لەسەر مێزەکە دابنێت.

جەنگی عیراق ئێران و زاڵبوونی مەرگدەستی

تەوەرەکی تر کە نووسەر جەختی لەکردەتە باسکردنی ڕۆژانی جەنگی عیراق و ئێران، نووسەر هەوڵیداوە لەچەند دیمەنێکی جیاوازدا ئەو تراژیدیا و مەرگساتە پیشان بدات، کە ڕژێمی بەعس بەسەر گەلانی عیراقدا هێناویەتی، لەهەمانکاتیشدا ڕەخنە لەسیاسەتی ئیعلامی ڕژێمی بەعس دەگرێت، کە هەمیشە هەوڵیانداوە خەیان بەسەرکەوتوویی پیشانی خەڵکی بدەن و ڕاستییەکان بشارنەوە، لەهەمانکاتیشدا باس لەسیاسەتی مەرگدەستی بەعسییەکانیش دەکات.
کاتێک فورات دەیوەت وتارێک لە ڕۆژنامەی جمهوریە بەاوبکاتەوە لەبارەی شیوەنی دایکێک بە کوڕە شەهیدەکەی، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێت: پێویستە دایکی شەهید بەهاتنەوەی تەرمی کوڕەکەی دڵخۆش بێت و هەڵهەڵە لەبدات و نابێت شێوەن بکات و بگری. ل41

حزبی شیوعی و جەواهیری

نووسەر گرنگی زۆر بەحزبی شیوعی دەدات و لەهەمووشی گرنگتر لەچەند شوێنێکدا باسی خەبات و تێکۆشانی ئەم حزبە دەکات، هەروەها پانتایی باشی بە جەواهیری شاعیر داناوە و پارچە شیعرێکیشی بەاوکردەتەوە کە بە یادی حزبی شیوعی نووسیویەتی. لەمەشدا گرنگی جەواهیریی و حزبی شیوعی لای نووسەر دەردەکەوێت.
لەهەمانکاتشدا بەچوونی خۆی لەبارەی ئەم حزبە دەخاتە ڕوو و دەڵێت:
-حزبی شیوعی چەندین ساڵ بوو سەربەدرابوو، لووتی بەدرابوو، چاوکانی دەرهێنرابوو، پارچە پارچە کرابوو لە بەندینخانە و ئاوڕییدا دەپووکایەوە،،ل107

دوا قسە

بەدنیایەو ئەم رەمانە چ لە رووی ناوەڕۆک و شێوازی نووسینەوە، جوانی و داهێنانی گەورەی پێوە دیارە، هیوادارم کارەکانی تری ئەم نووسەرە بکرێتە کوردی. لە کۆتاییشدا دەستخۆشی لە کاک رێنجدەر جەبار دەکەم و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازم.

ئەردەڵان عەبدوڵا

_____

سەرچاوە:
سینان ئەنتۆن. کوشتن لە بەغداد، خاڵەژی. وەرگێرانی. رێنجدەر جەبار. چاپی یەکەم. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. 2018.

شەشی مردووکان.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

یاساوەی دەسەڵات،
تیرباران کە،
نیشانبشکێنە،
چەکی ئۆتۆماتیک،
ئاژنە فیشەکە،
جەستەی یەکەک ..
دوان و سیان ….
جوان بپەکێنە !
دەی یاساوەی دەسەڵات،
تیرباران کە..
منداڵە لاوازو برسیەکانی شار،
خەڵتانی خوێن کە،
بتەقێنە فیشەکەکان،
چەکی ژەنگهاتووی..
جەنگە دەڵاوەکان،
بتەقێنە فیشەکی زەر..
میرە تەرەکان،،

ئاسوودە کە،،
دەی یاساوەی دەسەڵات،،
نیشانگرە، تیربارانکە،،
بەمبی فرمێسک ،،
شەقام و کەڵان ،،
فرمێسکەڵژکە..
بوەشێنە تەڵای ئاسن،
میرە تەرکانت،
بە شەوکی تر،
ئاسوودە کە،
ئەومیرانە،
لە کەشک و تەلار،
ئەمشەوتەقان،،
لە نەعرەتەی برسی و هەژار،
بە ئەقرە مان،
پرسیار ئەکەن،
کوا ەویداوە،
کوژراوەکان،
وەک مردوەکان،
چاو لەک نانێن،
بزەی لەویان هەر زیندوبە!
باڵای بەرزیان ..
هێندەی خارە
لەو نەو شەقام،
کەپە بگرە!
دەی پاسەوانی دەسەڵات
بتەقێنە فیشەکەکت،
ئاراستە کە،،
نیشناشکێنەکت
بوەشینە تەڵای ئاسن،
داری کارەبا،،
بهاوژە بەمپە ژەهرینەکت..
ئاسوودەی کە..
دەی تەقیوی میرە تەرکت،،
ئەوان ئێستا تیاماون،
لەم سەمرەیە ،
سەر شەواون،

کوا ویداوە،
لاوانی کوژراو،
لەسەر شەقام،،
دوای مەرگیشیان،
بە ئازادی،
بە یەکسانی و نان،
بە شکانی کەت و زنجیر
گوێ نەدانە پێکانی فیشەک،
هەڕەشە و تەقانی..
کوانی میر،
کوا ویداوە،
لاوانی کوژراو،،..
دوای مەرگیشیان،
هەستنە سەرپێ ،،
قاقا لێبێن،
سەما بکەن!

تیرۆکان هەڕەشە ئاراستەی ئۆکرانین.. سامانی وەستا بۆکر

ناڕەزایی، تووڕەیی، خۆپیشاندان، یاخیبوون و سەرهەڵدان دژە نجام و پڕچەکدارە.
حکومەت تەنها پۆلیسی هەیە، ئاسایش و دژە تیرۆر و هەموو ئەوانیتر حیزبین.
دامودەزگاکانی حکومەت مۆکی گشتیە، بارگای حیزب مۆکی داگیرکراوی حکومییە، خانوو مۆکی بەرپرسکان ماڵ و مۆکی دزراوی داهاتی نەتەوەی مووچە دزراو ی خەڵکیە.

پۆلیس:
لە کەی سیستەمی حکومەانی مەدەرن و دیموکراسیەکانی جیهانا حکومەت تەنها پۆلیسی هەیە کە چاودێر و خەمخۆری جەبەجەکردنی یاسان لەلایەن دەسەڵاتدارو هاوڵاتیانەوە، هەر پۆلیسیش سەرومالی هاوڵاتیان

ئەپارەزە، تەنانەت لەکاتی پشووی و تووڕەی هاوڕاتیانا دیسانەوە هەر پۆلیس داودەزگا و شوێنە گشتیەکان ئەپارەزن.
کاتێک کە کەسێک بەجل و بەرگی کوردیەوە فەرمان ئەکا و ئەبینی تەقە لەخۆپیشاندەرانیش ئەکا، ئیتر ئەگەر هەموو ئەوانەی لەگەڵین دەرچووی ئەکادیمیای پۆلیسیشبن هەر بە میلیشیا و هێزی حیزبی و خەزان و بنەماڵە ئەژمارەکرێن.
کاری پۆلیس پاراستنی داودەزگا و سەرمایەی گشتی و دابینکردنی ئاسایش، بەڵام کاتێک کە گشتە ئەوەی لەنێوان داروبەرد و پێنجەرە و تەختەو خوێنی هاوڕاتیانا کامیان بپارێزن، ئەوا بگومان خوێنی هاوڕاتیان بەلاوە گرنگترە، هەڵبەتە ئەگەر هێزێکی نیشتمانی بن.
خەڵکی هەر شارێک شیوە زارێکی تایبەت بەخۆی هەیە کەزەرینەی خەڵکی ئەو شارە بەکاریئەهێنن، وا باویشە پۆلیس خەڵکی ناوخۆی شارەکەبن چونکە بەهۆی نزیکی و ئاشنایان بە کلتور و میزاجی شارەکەی خەیان و خەمخۆری و خۆشەویستیان بە هاوشاری و هاوڕاتیانی خەیان، سود و پێزی زۆربەی ئەو کارانەی ئەنجامی ئەیان ئەچێتە سەبەتەی شارەکەوە بە پلەی یەک. بەڵام کاتێک تەقەکەرو شەق وەشێنەکان بەزمان و شێوازی دەرەوەی ئەو شارە سوکایەتی بە خەڵك بکەن ئەوا گومان دروست ئەبێ کە ئەو هێزە هێزێکی ناوچەییکیترە کە هیچ سەز و بەزەییەکی بە خەڵک و بەرژەوەندی ئەو شارە نیە بەڵکو لە هێندە جاریشا بە نەفەس و ڕەقی شارچێتییەوە هەرچی قین و کینەیەك لە دڵیانایە ئەیەڕژن و ئەگەر فەرمانیشیان پێنەکرابێ بەڵام ئەوان هەر فرسەتێکیان بە دەکەوێ کاری ناپەسەند و نابەجێ خەیان ئەکەن.

سوتاندن:
زەرینەی هەرە زەری خۆپیشاندەرانی ئەو دوو ڕۆژە، گەنجی بەکار و بەدبەختن، مووچەخۆر نین، کەچی پەیامی بەرپرسان هەر ئاراستەی مووچەخۆرانە، بەوەی کەشەی نەوان هەوڵەر و بەغدا چارەسەر دەکەین، کەشەی ئەستای کوردستان سەرباری کەشەی فەرمانبەران، لەشکرێک بەکار و گەنجانەکە کە جگە لە تاریکی، هیچ ڕووناکیەك لەئەستا و ئایندەی خەیان نابینن، بەیە ناکرێ بە پاساوی کەشەی بە مووچەیی، کەشە گەورەکەی تر نادیدە بگیرێ.

لە سوتانی بارەگای حیزبەکان ئەکرێ پەیامەکی گرنگ بخوێنینەوە، ئەویش کابووەوەی نەفەسی حیزبایەتی تەسک و نابەرپرسانیە لای تاکی کورد، ئەمەش نیشاندەری بەرزبووەوەی ئاستی هۆشیاری تاکی کوردە کە جگەی تەماشانو دەخشیە.

سوتاندنی بارەگای حیزبەکان بە جیاوازی تێگەشتنی خەڵکە لەو

ڕاستییە تاڵی کە هیچ حیزبێک جا لە ناو دەسەڵاتابێت یا ئۆپۆزسیۆن تەنها کاریان شینی هەریسەکەیە، و هیچ حزبێک نابینن کە کار لە بەرژەوەندی شەقاما بکات، خۆ ئەگەر هەوڵێکیش هەبێ بۆ کارکردنی حیزبێکی دیاری کراو لە بەرژەوەندی گشتیا، ئەوا ئامادەییان تیایە لە پێناو چەند پێستێک و دەسکەوتی حیزبی و تایبەتی خۆیانا چاوی لەبەپشن، ئەمەش وایکرد کە پەیامی ئەمجارەی خۆپیشاندەران ئەوەبێ کە بڵێن (نە داربێ و نە پەردوو، نەعلەتبێ لە هەردوو).

خەڵکی تووڕەیە و داودەزگاکانی وڵات کە موڵکی خەڵکن خەریکن ئاسوتەنێ، چونکە هێزانێ ئەبینێ لەڕێگەی مەدیا و تەقەکانیانەوە خەڵکانێک هەندێ تەرن هاوتای شا و شاژن دەرکەون و ئەمانیش ناتوانن پێشاکێک کە شایەن و پێشتبەست دابینی بکەن و بە خەیان و مناڵ و خەزانەکانیان.
خەڵکی داودەزگاکانی وڵات ئاسوتەنێ چونکە ئەوان گروپێکیان لە گەنجێ بیست بە سی ساڵ دروست کردووە کە مەیتی ملیاردەرن، کەمەڵێک شاجوان و شاپەزیان دروست کردووە کە خەیان نابێ کەس نازانێ بۆچی وا دەوڵەمەن بوون، لەکاتێکا خەڵکی ئاسایی مووچەیەک کە لە پای ئەو ئەرکەی بۆجەیان گەیاندووە پەیان نادرێ و گەنجەکانیش ئامادەن لە کەمپانیاکانی ئەو دزێ دەوڵەمەندانەیا وەک کارگوزا و پاسەوانیش کاربکەن پەیان نادرێ ئیتر چەن سەز و خەشەویستی لەدڵی شکاوی ئەو گەنجەیا بوونی ئەمێنێ؟

لە مەدیای حیزبی و سەبەرەوە وا پیشانئەیرێ کە خۆپیشاندەران هەڵەیان کردووە لە سوتاندنی بارگای حیزبەکان، بەڵام هیچ لایەکیان دانیان بەوەیا نانا کە خەڵکی تووڕەیە لەوەی ماف و مووچەی ئەوان چەند کەسێک ئەیدزن، بەڵام ئەوە بەرپرس و کادەر و پاسەوانی ناو ئەو بارگا حیزبیانەن کە بوونەتە قەڵغان و سوپەر بۆ ئەو چەن کەسەی کە لە پەنجەی دەست و قاچی مرۆڤێک تێپەناکەن.

دەسەڵات "حکومەت"ی هەرەم:

حکومەتی هەرەم ساوا نەبوو و نیشە بەکو هەر لەدایک نەبووە، چونکە کاتێ حکومەت دروست ئەبێت کە دەزگای موئەسەساتی هەبێ، بەڵام حکومەتی هەرەم هیچ موئەسەساتێکی دروست نەکردووە بە نمونە تا ئەستاس میلیشیای حیزبی هەیە لەبری سوپایەکی نیشتمانی، تا ئەستاش خاڵە سنوریەکان لەژێر دەستی حیزب و لایەن حیزبەوە بەڕێوەبرێن، تا ئەستاش ماف بەرامبەر ئەرک نادرێت، هەزکانی ئاسایش و دژتیرۆر و هیزی ٧٠ و ٨٠ لەهەزی دوو وڵاتی دژە ئەیەک

ئەچن لەوکاتانەی ناکۆکی ئەکەوێتە نێوانیان.....هتد.
سەرکی دەسەلات "حکومەت"ی هەرێم لە دوایین گەنگرە ڕۆژنامەوانییەکیا زیاتر لە سەرکی بەشی ژمێریاری دەزگایەک ئەچوو کە کاری ئەو تەنها دابەشکردنی ئەو موچەیەیە کە لەلایەن سەروی خەیەوە ئەگاتە دەستی نەک سەرکی حکومەت، جونکە تەنانەت سەرکی شارەوانییەکیش نابێ بەوجۆرە قسە بکات کاتێک لایەنی کەم بەشکی داهاتی جوگرافیای سنورەکەی خۆی ئەگاتە دەستی چەندی خزمەتگوزاریی پێئەنجام ئەیا، بەڵام ئەم زۆر خەم ساردانە لە هەیبەتی ئەو دەزگا گەورەیەی کەم کردەوە کە پێی ئەوترێ حکومەت، لە کاتێکا ئەبوو ئەو شانی بایەتەبەر و بەڕێنی دابەشکردنی موچەی بایێ و ڕەگەی چارە و کلیلی دەرگا داخراوەکانی لە گیرفانی دەرهێنایە نەک دەستخاتەوە ناو گیرفانی و بڕە چاوەیی حکومەتی ناوەندیین، کە مەبەستی بوو بارگرانی سەرشانی حکومەتەکەی کەمبکات و بڕە ئەمەش وەک خۆکەک هەرچاومان لە قاپی بەغایە.

ئەوەی لە وتار و گەنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرکی دەسەلات "حکومەت"ی هەرێما جێی تەئامان بوو ئەوبوو کە ووتی (ئەبێ خۆک داوای مافی خۆی لەوانە بکا کە مافیان خواردووە "کە مەبەستی حکومەتی عەراق بوو") کە ئەمە بەڕاستی جێگەی هەڵوەستەیەکی جدییە، چونکە ئەو جۆرە دەربینە لە سەرکی دەسەلاتی یەکەمی هەرێمەوە دانپیانانێکی بێ چەن و چوونە کە ئەمان خۆیان بێ بەرپرس و حکومەت نازانن، بەڵکو کاریان تەنها دابەشکردنی ئەو بڕە پارەیەیە کە بەشەوەی گرێبەست بەغا ئەینێرێ بە هەرێم، خۆ ئەگەر نەشی نارد ئەوا ئەمان هیچیان بە ناکرێ و تاوانبار حکومەتەکەی بەغایە، بەمەش بە مەبەستبێ یان بێ مەبەست سەرکی دەسەلاتەکەی هەرێم دانی بەوەیا نا کە حکومەتەکەی بەغا حکومەتی کەی عەراقێ بە هەرەمیشەوە و کاری ئەمانیش دابەشکردنی ئەو موچەیە کە بەیان ئەنێرێ، ئەگەرنا ئەمان ناتوانن موچەێ دابینبکەن، بەئاگا لەوەی حکومەتێک توانای دابین کردنی موچەێ و خزمەتگوزاتییەکانی نابێ و تەنها کاری دابەشکردنی ئەو بڕە پارەیەبێ کە لە ناوەندەوە ئەگاتە دەستی ئەوا ئەو جۆرە لە حکومەت ڕەی بانکێک یان ژمێریارێک یان ئامێری پارەی سەرشەقامەکان cash machine ئەبینێ.

دەسەلاتی حیزب:

تە کاتێ ئامادەبی زیاتر لە نیوەی خاکی هەرێم چەکیت و ئادەستی وەاتی داگیرکەری مێژووی خاکی کوردستانی بکەی، ئەی بێ ناتوانی بارگاکان کە تەنها داروبەرد و بینای داگیرکراوی شارەوانییەکانن

ئادەستی گەنجانی تۆو ماف و خوراو بە هەلی کارو ئۆپۆی خاک و نیشتمانکەی خەتی بکەی؟

بە لە ناوچە دابەشنراوەکان و کەرکوک بە تاقە چەتان کرد و بەرگریتان نەکرد ترسان لەوی خەینتان بژێ، بەڵام چونکە لە هەرەمی کوردستان دنیان کە خوێنتان ناژنرێ کچی ئامادەن خوێنی گەنجان بڕژن!

بە ناوچە دابەشنراوەکانتان بەشکوتنی ژێربژێر ئادەستی ئەوی خەتان پێی ئەڵێن دوژمن کرد تەنها بە پاراستنی ئەوی هەتانە لە سامان و سەروەت، ئەی بە ئامادنین بەشکوتنی ئوون و ئاشکرا دەسەڵات ئادەستی شەقامی تۆو و ماف خوراوبکەن، بڵێن بزنس بکەن بەوی لەم ٢٩ ساڵەیا بردووتانە خەریک بازرگانیبن و سیاسەت بجەهەنن بە ئامیاریوانێک کە تەنها کاری سیاسەتبە نێک بازرگانی.
بە ئامادەن هەموو تەپڵکە و شاخ و بەرزاییەکان ئادەستی داگیرکارە مژوویەکانی کوردستان بکەن تا لەوەو نیشانە لە کوردانی پەنابەری پارچەکانیتر بگرنەو، بەڵام ئامادەنین چەن پەستێک لە پلە باڵاکانتان چەکەن و ئادەستی خەکانی شایستە و پە ئەزمون و مەدەنی بکەن.
بە ئامادەن دوای ئادەستکردنی نیوی خاکی هەرەم بە هەزی میلیشیای حەشدی "ئێران"ی شەعبی و نیوەکایتریشی کە ماوە ئادەستی مەگەو بنکە سەربازییەکانی تورکی مەنگەلی بکەن و هیچ سەروەرییەک بە خەتان و بە خەکە نەهێنەو، ئەی بە ناتوانن لایەنی کەمی سەروەریی بە خەکی ستەمدیدەو بەبەشی هەرەمی کوردستان بگێنەو؟

حیزبەکانی دەسەڵات تا نەگەشتە مریشکە ڕەشە ئامادەنبوون نێک تەنازول بەیێک بکەن بەڵکو ئامادە نبوون کەش ببنەو، لەکاتەکا ئامادەن لەگەڵ هەموو لایەنکی غەیرە کوردیا کەببنەو، هەموو تەنازولێک بە وڵاتانی درواسە و داگیرکەری مژووی خاکی کوردستان ئەکەن، هەر سوکایەتیەکیش پێیان بکرێ چاوپۆشی لێئەکەن و لە کەبوونەوکانیشیانا لەگەڵ لایەنی دژەکی هەمیشە ئەوە ئەمانن کە ئەبە بچنە خزمەت ئاغا و سوڵتانەکان بەڵام لەناوخەیا تا نەگاتە خوێنژان ئامادەنین هەنگاو هەڵگرن و لەبارگاکانی یەکترا کەببنەوان.

لە مەدەلی حیزبایەتی مەدەرن و بگرە زۆرێک لە وڵاتانی تازە پێگەشتووش حیزب تەنها یێک بیرەی هەیە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کەی حیزبەکان وڵامی ئەو پرسیارە بنەوە، یایا حیزب بارگای بچیە؟

کاری ئەو بارگایانە چیە و چ سودێکی گشتی و تەنانەت حیزبیشی نیە جگە لە بارگرانی بەسەر شانی خەڵکەوە کە ئەکرێ ئەو پارە زۆرەی لەکەی بارگا حیزبیەکانا کونکیتری پێبگیرێ لە جێستەی بژێنئاسای خەڵکیا.

هیچ هەزێکی چەکدار و پاسەوانی نیە، حکومەت پالیسی هەیەکە پارێزگاری لە هەموو لایەک وەک یەک ئەکا، بەڵام کاتێ حیزب چەکدارو پاسەوان و هەزی تایبەت بەخۆی ئەبێ، واتە خودی ئەو حیزبە خۆی باوەڕی بەدامەزراوە و داودەزگاکانی خۆی نیە.

سەرنج:

بەو خەڵکە یان بەو گەنجەی کە کالوپالی یەکێک لە دواددەزگاکانی یابوو بە کەیا و ئەیبرد ئەڵێن فەرهوودچی "لەڕیا ئەمە کاری هەڵەی ئەو گەنجە ئاست نەکەینەوە بە باشیشی نازانین بەڵام" ئەی ئەو ٢٩ ساڵە هەرچی ماف و مووچە و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و خۆشی و خۆشگوزەرانی و پێشڕەوی سەرتای و ستراتژیەکانی ئەوان هەیە هەمووێتان بە تاڵان و فەرهود بردووە، کەچی بەیەکجاریش بەختتان نەووت فەرهودچی، بەیە ئەویش هەوە ئەیا ئەوەی لەی دزراوە بیگەڕێتەوە بە شوێنە خۆی ئەگەرچی زۆر کەمیشبێت، ئاخر هەرچیەک ئەوە هەتانە هی خۆتان نیە و سەروەت و سامانی خەڵکە، ئەگەر بە ئاگابن یان بە ئاگا، بەڵام هەموو هاوڵاتیەکی ئەو هەرێمە خانوو ئۆتۆمبێل و پارەی بانق و کەمپانیا و تەنانەت جلەکانی بەریشتان بەهینی خەیان ئەزانن بەیە هەر شتێک لای ئەوەبە ئەوان هەر فرسەتێکیان بە دەکەوە ئەیگەڕێنەوە بە شوێنە خۆی و بە خەیان، بەیە کاری ئاقڵانە ئەویە ماف بگەڕنەوە بە خاوەنەکەی پێش ئەوەی بگاتە ئەوەی کە خەیان لێتان وەرگرنەوە چونکە ئەو کات درەنگە و دوورنیە بشتانکەنە ئەودیووی سنوری زیندووەکانەوە.

سامانی وەستا بەکر

٢٠٢٠-١٢-١١

سوید ستۆکهۆڵم

کتێبی (ئایا روسیا دەبێتەوە بە زلهێزێکی جاران) لە نووسینی «ئەردەوان عەبدوڵا» بڵاوکرایەوە.

نووسەر لەم کتێبەدا باسی لایەنی جوگرافیی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگی و سیستەمی پەروەردە و سیستەمی سیاسی و ئابووریی و پیشەسازی کردووە. لە بەشێکی تایبەتیشدا باسی مەژووی ئەدەبی روسی کردووە. هەروەها باسی مەژووی 5 سەدەی روسیا، شۆشی روسیا، دروستبوونی یەکێتی سۆڤێت و روخانی، سەردەمی یەلتسن و پوتین کردووە.لە بەشێکی تری کتێبەکەدا باسی پەیوەندی نێوان روسیا و جیهان دەکات بەتایبەتی لەگەڵ « ئەورووپا، ئەمریکا،چین، رژێمەکانی ناڤین» دەکات. لە بەشێکی تایبەتیشدا باسی مەژووی پەیوەندی نێوان روسیا و کوردی کردووە. لە دوا بەشی کتێبەکەدا نووسەر وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، ئایا روسیا دەبێتەوە بە زلهێزێکی جاران؟ باسی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی روسیای کردووە. لە کۆتایی کتێبەکەشدا کۆمەڵێک وتاری سیاسی و ئەدەبی نووسەر لەبارەی روسیاوە بڵاوکراوەتەوە کە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵ لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاویکردۆتەوە.
ئەم کتێبە لە ٣٥٠ لاپەڕەی قەبارە گەورە پێکهاتووەو لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراوەتەوە.

نووسەری سەرکەوتوی ئەدەبی منداڵان.. رۆزا شوان

لە کۆندا، نووسەران بە شەرم و ترسەوە رویان لە بواری ئەدەب و نوسین بە منداڵان دەکرد. لە ترسی ئەوەی کە ناوبانگیان نزم و بە چاوێکی کەمتر لەیان نەڕوانن و پێگەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیان نەیاتە خوارەوە. بەڵام لە ئەمەدا ئەو ترس و روانینە گەڵاوە.

نوسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان، پێگەیەکی بەرزی ئەدەبی و کۆمەڵایەتییان هەیە. خاکی ڕەز و پێزانینیان بۆ خزمەتی پیرۆزیان هەیە، بۆ دراوەکی دڵگەن دایان دەنێن. چونکە نوسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان، ڕۆڵەکی زۆر بەرز و کارتێکردنکی گرنگیان لە ڕۆشنبیریکردن و هۆشیاریکردن و لە پەروەردەکردن و لە ئاراستەکردنی دروستی منداڵان هەیە، بۆ هەناوی داهاتویەکی شیاوتر و گەشتر و جیهانێکی ئارامتر.

نوسەری فەرەنسی (فەرەنسیس فیدان) دەڵێت:"نوسەرانی منداڵان دەتوانن تام و چێژی جیهان بگۆڕن.. بەڵکو دەتوانن خودی جیهانیش بگۆڕن"

گەر تەی نوسەر، خوون و خولیای نوسینت بۆ بابەتی منداڵان هەیە و دەتەوێ ببیت بە نوسەرێکی ناسراو و سەرکەوتوی بواری ئەدەبی منداڵان و نوسینەکانت بەدڵی منداڵان بن. گەر دەتەوێ ئەم خوون و خولیایەت بنیتەدی. پێویستە ئەوە بزانیت، کە تەنیا حەز و ئارەزو و هەیواخوازی بەس نین، بۆ دەستەبەرکردنی هەنانەدی ئەم حەز و ویستنەت. ئەدەبی منداڵان، پێویستی بە زانین لە (بنەما و خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئەدەبی منداڵان) و بە شارەزاییەکی لە قەناغەکانی گەشەکردن و هەراشبون و سایکۆلۆژیای منداڵان و پەروەردەی نوێ و زمانی منداڵان هەیە. پێویستی بەوە هەیە کە چۆن دەتوانیت لە جیهانی پاک و بگەردی منداڵان نزیک بیتەوە لە زمان و لە خواستەکانیان تێبگەیت.

نوسین بۆ منداڵان کارێکی زۆر پیرۆزە. بەڵام کارێکی هەڵەمەکی و ئاسان نییە. یا وا بیربکەیتەوە، کە ئەوان منداڵن و زۆر تێناگەن. نوسین بۆ منداڵان خەشە، بەڵام خوشە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان بۆ هەمو نوسین قایلدەبن. بەڵکو نوسین بۆ منداڵان قورسترین نوسینە. چونکە تۆ مامۆستا لەگەڵ کەمەڵەک وشەی دیاریکراو و کەمدا دەکەیت. پێویستە بۆ وردی بیر لە هەر وشەیەک لە وشەکانت بکەیتەوە، ئایا لە هەش و لە خەیاڵ و لە دەروونی منداڵاندا جێیان دەبێتەوە یا نا؟ چونکە نوسین بۆ منداڵان ئەوە نییە کە تۆ چۆن دەوێت وا بنوسیت، بەڵکو پێویستە ئەوە بزانیت، کە منداڵان خەیان چیان دەوێت، ئەوەیان بۆ بنوسیت. مەبەستیشمان ئەوە نییە، کە ترس بخەینە بەردەم ئەو نوسەرە تازانەی، کە دەیانەوێت لەم بوارەدا تەقەبچن و بەهرە و توانا و شارەزاییان بخەنە خزمەتی ئەدەبی منداڵانی کوردمانەوە. بگومان کەسیش بە نوسەری لەدایک نابوو. نوسین بۆ منداڵان خۆشویستی و بەهرە و زانین و شارەزایی و فێربون و هەوڵدانە.

بە کورتی و بە چێی باس لە هەندێ لە بنەما تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان دەکەین، کە پێویستە نوسەرانی ئەدەبی منداڵان بۆ

گشتی و نوسەرانی تازە ئەدەبخوازی منداڵان بە تایبەتی بیانزانن و پەیڕەویان بکەن:
١ـ پێویستە ئەوە بزانێت، کە تۆ بە منداڵان دەنوسیت و پەیامەکەی ئاراستەی ئەوان دەکەیت. نابێت لە تایبەتمەندیەکانی جیهانی پاک و بێگەردی و بێتاوانی ئەوان لابدەیت.
٢ـ پێویستە لە بواری دەروونناسی و پەروەردەی نوێی منداڵان نابڕد نەبە و بایەخێکی زۆر بە لایەنی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی منداڵان بدەیت. چونکە گرنگترین ئامانج لە ئەدەبی منداڵاندا، پەروەردەکردنی دروستی منداڵانە، بە ئەمڕۆ و بە داهاتویەکی باشتر.
٣ـ پێویستە شارەزایەکی باشت لە خەسڵەت و لە نیشانەکانی قۆناغەکانی گەورەبون و گۆڕکردنی منداڵان هەبێت. تێکستەکانی بابەتەکانت، لە هەمو رویەکەوە لەگەڵ ئەو قۆناغە منداڵییەدا بگونجێت. بە نمونە: بابەتێکی نوسراو بە منداڵانی تەمەن حەوت و هەشت ساڵان. حەز و سەرنجی منداڵانی تەمەن یانزە و دوانزە ساڵان رانا کێشێت.
٤ـ ناوەرۆک و فۆرم، دو چەمکی ئەدەبی منداڵانن و تێواکاری یەکترین، هەردو باڵی ئەدەبی منداڵانن، پێویستە نوسەری منداڵان هاوسەنگییەک، لە نێوان ناوەرۆک و فۆرمدا دروست بکات، هیچ لایەکیان نەکات بە قوربانی لایەکەی تریان.
٥ـ نوسەری منداڵان نابێت، خەی رابدات و باڵادەستی و فانتازی خەی لە نوسینەکانی بە منداڵان دەربخات. خەی چینی دەوڵەت وا بیربکاتەوە و بنوسێت، بەڵکو پێویستە ئەوە بزانێت کە منداڵان چۆن و چیان دەوێت.
٦ـ زمان گرنگترین کەرەستەی نوسین و گوزارشتکردنە. منداڵانیش خاوەنی زمان و فەرهەنگی وشەی تایبەت بە خۆیانن، زمانی ئەوان ئاسان و شیرین و ڕەوان و سادەیە. پێویستە نوسەری منداڵان ئەم ڕاستیەیە بزانێت. بە زمانێکی شیرین و پەتی و ساکاری بە ئاماژ و بە گرەوگەڵ تێکستەکانی دابەزێ تا منداڵان بە ئاسانی لێیان تێبگەن، پێویستە رستەکانی کورت و ناسک و باوبن. لە ڕەوانبێژی و لە قسەی بە توکە و مەبەست قوڵ و شاراوە و پێچ و پەنا دوربن. هەر قۆناغێکی منداڵیش ئاستی زمانی تایبەت و خۆیاڵی بکراوی و توانای تێگەیشتنی ئەو قۆناغە منداڵییەیان هەیە. زمانی نوسین بە منداڵان، زانیاری و شارەزایی و هونەر و بەهرەیە، کە هیچیان لەوانەی تریان جیانابنەوە. مەبەستیش لە ئاسانی نوسین ئەوە نیە، کە منداڵان بە ساوەلکە و هیچ نەزان بزانیت و هەموشتێکیان بە ڕاقە و شنوکەوبکەیت، هیچ بوارێک بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن، لە مەرام و مەبەستی بابەتەکەت بە بیرکردنەوەی و بچون

و هەڵهێنجاندنی منداڵان نەهێڵێتەوە.
(جاکلین ساندرز) دەڵێت:" با ئەدەبی منداڵان، هەندێش ئاسان نەکرێتەوە، کە وا بزانن منداڵان هیچ نازانن"
٧ـ پەیوستە نوسەرانی ئەمڕۆی ئەدەبی منداڵان داهێنەر و نوێخوازبن، لە چوارچێوەی قوناغی ئەدەبی کلاسیکی و شێواز و کلیشەی باوناماو و نەگونجاو بە ئەم سەردەمە، دوربکەوێنەوە، بە شێواز و بە ستایلێکی تازە بنوسن. ئەوەش بزانن کە منداڵانی ئەمڕۆ، نەوەی منداڵانی سەدەی رابردو نین. منداڵانی ئەمڕۆ، زەرزانتر و بلیمەتر و هەشیارتر و چاوکراوەترن، نەوەی ئایفۆن و ئایپاد و ئینتەرنێت و گەڤاری ڕەنگاوڕەنگی منداڵان و چەندین ئامێر و دیزگای سیر و سەمەرەن. نەوەی شڕشی تەکنەلۆژیان. خەون و خواست و هیوا و ئەدەب و هونەر و پێداویستییەکانیشیان، هەمان هیوا و خواست و پێداویستییەکانی نەوەکانی رابردو نین. پەیوستە نوسەری ئەدەبی منداڵان ئەم ڕاستییانە لەبەرچاو بگرێت. وەکو (کۆنفۆشیۆس) دەڵێت:"منداڵانمان، منداڵانی سەردەمی ئێمە نین.. منداڵانی سەردەمی خۆیانن".
٨ـ پەیوستە نوسەری ئەدەبی منداڵان، لە نوسینەکانیدا بەڵایەن بێت و لەژێر کاریگەری هیچ ئایدەلۆژیایەکی سیاسی و ئایینی مەبەستداردار نەبێت، بە بەرژەوەندییەکی تەسکی سیاسی. نابێت دڵپاکی منداڵان بقۆزێتەوە و بە لارێیاندا بەرێت و بیانخاتە ژێر کاریگەری ئەو ئایدەلۆژیایەی کە خەڵکی بەوای پێی هەیە.
٩ـ نوسەری ئەدەبی منداڵان، گەر خەڵکی لە جیهانی بێتاون و جوان و وێنەوشیی پێ لە خەونی سەوز و هیوای شیرین و ڕاز و نیازی پاکی منداڵان، نزیک نەکاتەوە، لەسەر ئەژنەکانی لایان دانیشێت و گوێی لە زمانی ساکار و لە قسە قوت و شیرینەکانیان نەگرێت و سەیری یاری و هەڵسوکەوتیەکانیان نەکات و تێکەڵیان نەبێت. ناتوانێت بە زمانی ڕاستیی منداڵانەوە بابەتەکانی بنوسێت.
وەکو دەڵێن، لە ناخی هەر نوسەرێکی بواری منداڵاندا، منداڵێک هەیە، منداڵیی خەی دەتەوە یاد و بەرچاو. ئەو منداڵەی کە لە ناخیدایە، داوای لەدەکات بچێتە ناو منداڵان و ببێت بە هاوڕێیان. داوای لەدەکا کە وەڵی دوای دیزینەوە و نوێخوازی و داهێنان بێت.
١٠ـ بگومان خوێندنەوە بە هەمو نوسەرێک زەر پەیوستە. پەیوستییەکی پەیوستیش بە نوسەری ئەدەبی منداڵان، تا ببێت بە خاوەنی باگگراوندێکی ڕەشنبیری و ئەدەبی باش. پەیوستە خوێنەرێکی هەمیشەیی باش بێت، بە تایبەتیش خوێندنەوەی ئەو پەرتوکانەی کە بە منداڵان نوسراون یا دەربارەی منداڵانن، لەگەڵ خوێندنەوەی گەڤارەکانی منداڵان. تا لە شێوازی نوسینی نوسەرانی بە ئەزمونی

ئەم بواردا، ئیلهام و سود وەربگرێت.
(سیلڤیا لەبیز) دەڵێت:"یەکەم.. گرنگ ئەوەیە کە: بخوێنیتەوە.. بخوێنیتەوە.. بخوێنیتەوە" سی جار جەخت لەسەر "بخوێنیتەوە" دەکا. نوسەر تا زیاتر بخوێنێتەوە، زیاتر فێردەبێت و وەردەگرێت. باشتر و جوانتریش بابەتی نوسینەکانی دادەڕێژێت.
هەر لە بارەی گرنگی خوێندنەوە (ئاسەر گەردن) یش دەڵێت:"تا زیاتر بخوێنیتەوە.. بێت دەردەکەوێت کە چەند زانیاریت کەم"
١١ـ پەیوستە نوسەری ئەدەبی منداڵان هەمیشە گەشبین و هیواخوازبێت. کەتایی بابەتی نوسینەکانی بە منداڵان، بە خۆشی و شادی و سەرکەوتن و دڵنیایی و بە هیوابەخشین کەتایان پێبهێنێت. ناشبێت کەتایی چیرۆک و شانۆ و ئۆپەرێت و هۆنراوە و ڕۆمان بە منداڵان، بە کارەساتی خوێنڕشتن و کوشتن و تراژیدیا کەتایان پێببێت. چونکە لە ئەمڕۆ و داهاتوشدا، کارتێکردن و ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤیان لەسەر منداڵان دەبێت.
١٢ـ پەیوستە نوسەری منداڵان، بە دەنگی فراوانی، ئاو ڕەخنە و تێبینییانە وەربگرێت، کە ڕەخنەگران لە نوسینەکانی دەگرن. بە هەڵەکی باشی بزانێت، بە راستکردنەوەی هەڵە و خاڵە لاواز و نەرێنییەکانی و درێژدان بە خاڵە بەهێز و ئەرێنییەکانی.
١٣ـ پەیوستە نوسەری منداڵان، ئاوڕ بزانێت، کە جوانسازی فاکتەر و پەیوستییەکی زۆر گرنگە، نەک تەنیا لە ئەدەبی منداڵاندا، بەڵکو لە سەرجەم هونەرەکان و لە هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا. داشتنی بابەتی نوسینەکانت بە جوانی، گاریگەریان لەسەر هەڵگربون و ئارەزو و حەزی خوێندنەوەی نوسینەکانت لە لایەن منداڵانەوە دەبێت. ئەدەبدۆستێک دەڵێت:"تا ئەمڕۆش نازانم، چۆن ئەدەب دەتوانێت لە خەمەکان شتی جوان دروست بکات؟"
١٤ـ نوسەرانی ئەدەبی منداڵانی کوردمان، ئەرکێکی پەویست و پیرۆزی زۆر گرنگیان لە ئەستۆدایە. ئاویش ئاوەیە کە لە نوسینەکانیاندا لایەنی نیشتمان پەروەری فەرامۆش نەکەن. پەویستە بە ئۆپەڕەی دەسزیەوە، منداڵەکانمان، بە هەست و ڕۆحی کوردایەتی گەش و پەروەردەیان بکەن. سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبونیان بە کوردستانی نیشتمانی شیرینمان، لە لایان خۆشەویستر و شیرینتر بکەن. لە میانەی ئاو سرود و هۆنراوە و چیرۆک و شانۆ و ئۆپەرێت و پەخشان و ڕۆمانانەی کە بۆیان دەنوسن.
١٥ـ نوسەری منداڵان پەویستە، لە میانەی نوسینەکانیەوە، ئاوڕ بخاتە دڵی منداڵانی کوردمانەوە، کە پاراستنی ژینگەی جوان و سروشتی کوردستان، ئەرکێکی پەویستی نیشتمانی و ڕۆشتیە و گوزارشتە لە خۆشەویستی و لە دەسزیان بە کوردستان.

١٦ـ نابەت نوسەرانی منداڵان، جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕاندا بکەن. پێویستە بە چاوکی یەکسانی و هاوماڤی و هاوئەرکی لە هەردو لایان بڕوانن، ئەم بڕوابونەشیان، لە میانەی نوسینەکانیان بە منداڵان ڕەنگ بداتەوە. بە تایبەتیش لە کاتی هەڵبژاردی پاڵەوان و کاراکتەر و کەسایەتییەکانی چیرۆک و هەنراوە و شانۆ و ئۆپەرێت ڕەمانەکانیادا. پێویستە هەستی خوشک و برای و هاوڕێتی و دڵسۆزی و ڕێز لە یەکتری گرتن، لە هەش و دەروونیاندا بوونن. بە تەواکەری یەکتریان بزانن.
١٧ـ پێویستە نوسەرانی ئەدەبی منداڵان، لە میانەی نوسینەکانیاندا، بە هیچ کلۆجێک، سوکایەتی و بڕوزی بە دایکان و باوکان و داپیران و باپیران و مامۆستاکان و بە مێژو و بە شەهیدانی کوردستان و بە پێشمەرگە و بە سەرکردە نەمرەکانمان و بە هەمو کەسایەتییە تێکۆشەرە ناسراو و ناودارەکانی گەلەمان نەکەن. پیاوان بن یا ژنان بن. سوکایەتیش بە داب و نەریت و کەلەپور و کولتور و بە بەها پیرۆزە ڕەسەنەکانی گەل و نیشتمانەکەمان و بە زمانی شیرینی کوردیمان نەکەن. هەمو ئەمانە بشکێن لە ناسنامەی نەتەوەییمان.
١٨ـ پێویستە نوسەرانی ئەدەبی منداڵان، لە نوسینەکانیاندا، لایەنی کەمیدی و جۆگەنگی فەرامۆش نەکەن. چونکە ئەو بابەتانەی کە خەندە دەخەنە سەر لێوەکانی منداڵان و دایانهێنن پێکەن و قاقا، خۆشی و شادیش دەخەنە دڵ قنجەکانیانەوە، پشوش بە بیر و هۆشیان دەدەن. دەبنە هۆی نەهێشتنی گرژی دەروونی و جێستایی و ڕواندنەوەی خەم و پەستی و دەتەنگی و نائارامی منداڵان.
١٩ـ پێویستە نوسەرانی ئەدەبی منداڵان، لە نوسینی ئەو بابەتانە دوربکەونەوە، کە ترس و تەقین و دڵەڕاوکێ و گومان دەخەنە دڵی منداڵانەوە، یا بابەتی شەڕ و کوشتن و گزی و دزی درۆ و فێڵ و لەخشتەبردن و بە ئومێدی و ڕەشبینی و.. هتد. هەردەمیش گەشبینی و هیوای سەرکەوتن و باشتریان پێببەخشن.
٢٠ـ پێوستە نوسینەکانی بواری منداڵان، هەنراوە و چیرۆک و شانۆ و ئۆپەرێت، کورت و بچڕبن، نێک، درێژ و بەزارکڕبن، کەم و پوختبن، نێک زڕ و بڕبن. سوک و ئاسانبن، نێگ گران و ئاڵۆزبن. لەگەڵ چەنتیدابن، نێک چەندتیدابن.
٢١ـ شەرم و نەنگی نییە، گەر نوسەرانی بواری منداڵان، بە تایبەتیش نوسەرانی تازە دەستپێکردو. تێکستی نوسینەکانیان، پشانی نوسەرانی ناسراو و بە ئەزمونی بواری ئەدەبی منداڵان بدەن، کە شارەزای بواری ئەدەبی منداڵانن. سود لە ڕاو و تێبینی و لە پشنیارەکانیان وەربگرن. پێش ئەوەی کە نوسینەکانیان

بەاوبکەنەوە.

رزا شوان
نەرویج: ١١/ دەسەمبەر/٢٠٢٠

(*) نوسەرێکی کوردە، لە (١٩٤٦) لە کەرکوک لە باشوری کوردستان لەدایک بوە، لە ساڵی (١٩٦٥) وە دەنووسێت، بە تایبەتیش لە بواری ئەدەب و پەروەردەی منداڵان. لە ساڵی (١٩٩٩) وە، لە شاری (بەرگن) لە وەاتی نەرویج دەژی. مامۆستای خانەنشینە.
r.shwan@hotmail.com

گرنگرتین مەزەخانەکانی وەاتانی عەرەبی و ئیسلامی.. نووسین و ئامادەکردنی: ئەحمەد کامەران

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرەبکەن ..

ڕاگەیاندنی مافی سەرتاپیەکانی خەڵکی ناوازی کوردستان

ئەمە کەمێک لە هەڵسوراوانی خەپیشاندانەکانی کوردستان لەدژی ناوەوین کە پەیامی خەڵکی ناپەیو و ناوازی کوردستان بۆ ئای گشتی و جیهان و سکاکانیان بۆ نەوەندە جیهانیەکان دەگەیەنین.
ئەوەی بەیار دەدا سەبارەت بەم خواست و مافانە ئەوە خەڵکی ناوازی شۆقام و خەپیشاندەران خەیانن و هیچ کەس و لایەنێک سەرکردە و فەرماندەری خەڵکی ناوازی و بزاڤە خەرسکیەکەی نیە.
ئەم خواست و دروشمانەش دەنگ و خواستی ٢٩ ساڵی خەڵکی کرێکار و

جوتیار و فەرمانبەر و دەستفرۆشان و خانەنشین و لاوان و ژنانی کوردستانە کە لێرەدا هاتوە:
دروشمی خەڵکی ناڕازی کوردستان بریتیە لە " نا بەدەستهاتکی ستەمکار، نابەپەڵەمانی کارتۆنی، نابە ئەپەزسۆنی ساختە".
بەدیل و جێگرەوەی خەڵک بۆ(سیستمی سیاسی و ئابووری و شێوەی حوکمڕانی) هەرێمی کوردستان بریتیە لە:

1. هەوشانەوەی حکومەتی بەرکراتی و بنەماڵەیی ئێستا و دامەزراندنی حکومەت بە بەشداری ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵک ، وەک دەستهاتی داهاتوو.
2. لابردنی هەموو بارگا و بنکە چەکدارەکان لە ناو شارەکان و بینی بودجەی حزبەکان هەوشانەوەی هێزەکانی هەفتا و هەشتا و زیرڤانی و زانیاری و پاراستن.
3. ئازادی سیاسی وخەپیشاندان و مانگرتن بە مەرج و مەبەستە و نابە هیچ هێزێک بڕامبەریان بەکاربهێنرێ. دەبە خەپیشاندەران ، کە هەتا ئیستا ٣٠٠ کەسیان لە زیندان دان، دەستبەجێ ئازاد بکرێن و دەبەت زیندانی سیاسیی نەمێنیت.
4. داهاتی نەوت وگازو گومرگ و باجی ناوخۆیی لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک چاودێری بکرێت و داهاتی هەرێم بگشتی بگەڕێتەوە بە خەزێنە.هەروەها لیژنەیەکی سەربەخۆ دروست بکرێت بۆ بەسەرچونەوەی هەموو گرێبەستەکانی نەوتیەکان و لێوانێش گرێبەستی نەوتی هەرێم و تورکیا.
5. موچە بە تەواوەتی دەدرێ و بەپەی بەرز بوونەوەی گرانی زیاد دەکا و لانی کەمی کرێی سەعاتی کارکردن دیاری دەکرێت. سەپاندنی باج بەسەر سەرمایەداران، بە پەی بەرزبونەوەی داهاتیان زیاد بکرێت.
6. هەموو هاوڵاتیەک دەبە شوێنی نیشتەجێ بوونی بە دابین بکرێت.
7. کار و دامەزراندن بۆ هەموو کەسێکی ئامادە بکار دابین بکرێ.
8. سیستەمی دادوەری و داواکاری گشتی سەربەخۆ بێت دور لە دەستهوەردان. دادگایی بکوژانی خەپیشاندەران و چالاکوانان و ڕۆژنامەنوسان و بکوژانی ژنان و سزادانیان .
9. دابینکردنی موچەی بنەڕەتی بۆ هەموو تاکێکی بکار لە کەمگا، بە پەی هەڵی مامناوەندی ژیان بۆکەی دیاری دەکرێت.
10. دەستە و بەرد و ڕێکخراوی ناڕازایەتیکانی خەڵک و کرێکاران

و کارمەندان بۆ فەرمی دەناسرێن وەک دژگای لێپرسینەوەی جەماوەری لەدەستەات و دامودژگاکانی و یاساکان و مللەفی گەندەڵی و پێشێلکاری مافەکانی خەڵکی کوردستان. لێپرسینەوە لە سەروەت و سامانی بەرپرسان و کەسانی نزیکیان . گەاندنەوەی ئەو موڵك و ماڵانەی دەستەاتداران داگیریان کردووە و لێپرسینەوە و دادگایی کردن و سزادانی گەندەکاران.

لە کەتاییدا داوا لە جەماوەری ناڕازی کوردستان دەکەین با ڕیزەکانمان پتەك بخەین،با لە هەموو شارو شارۆچکەیەك ئەنجومەنی بەرەوبردنی ناڕازایەتییەکان لە کەسانی هەڵبژێردراو لە لایەن خەیانەوە پێك بێنن ، وە تەواوی ئەنجومەنەکانی ناوخۆو دەرەوە ، لە ئەنجومەنی باڵای ناڕازایەتییەکانی کوردستان کەببنەوە ، ئەو ئەنجومەنە مافی بڕیادانی هەیە.

کۆمەڵك لە هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکانی کورستان و دەرەوە

ئاپۆرینی گەنجان و کریکاران و زەحمەتکەشان، بارودۆخێکی سیاسی نوێ ئەخوڵقێنێ لە کوردستان

گەی ئاپۆرینی بەرهەق و شۆرشگیرانەی گەنجانی ماف زەوتکراو ، بێکار و هەژار کراو، وە جەماوەری کریکار و کارمەندان و مامۆستایان و ستەمدیدەی کوردستان، لە زوربەی شار و شارۆچکەکانی هەردوو پارچەزگای سلیمانی و هەڵەبجە، کەپەی سەندووە و ووە لە هەڵکشان و بەاوبوونەوەی هەرچی زیاترە.
مژووی نێچەاوی خەباتی جەماوەری کریکار و کارمەندان و مامۆستایان و زەحمەتکەشان و گەنجانی کچ و کوڕی ئازادیخواز، کە بە دەیەکە بە دوای ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی ریشەییەوەن، لە ئیستادا و بەم ئاپۆرینە چەتە دەخیکی تازەو. ئاپۆرینەک کە پێ لە ئەزموون و گیانی شۆشگەڕانە و هیوا بە داهاتوویکی پرشنگداری دروستکراوی ئاستەوخێی دەستی ئینسانی زەحمەکەش و ئازادیخوازی کوردستان.

جیگۆرکێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم ڕاپەڕینە، بەدڵ لەهەر ئایندەیەک کە ڕووبەڕووی ئەبێتەوە، هەر ئیستا پێ بایەخ و کاریگەرە، چونکە نەک هەر دەسەڵاتی خستە بەردەم شاڕاوی هەڕشی خۆی، بەڵکو کەسپی هیزە ئۆپۆزسیونە ئیسلامی و قەومیەکانی بەردەم خۆی و بەردەم سەرجەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شارشگەرانەی کۆمەڵگەی کوردستانی وێلانا، و بارەگاکانی سوتاندن.
ئەم شۆڕشە تازەیەی ڕاپەڕین، کە بە خۆپیشاندانی مەزنی چوار شەممەی ڕابردوو (٢-١٢-٢٠٢٠) لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد، وەستانەوەی شەشگەرانەی خەڵکی ئەم دووپاریزگایەیە بە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ و میلیشیای بۆرژوازی کورد و هێزب و حزبە سیاسیەکانی، بە دەسەڵاتداران و ئۆپۆزسیۆنیەوە، بە ناسیونالیست و ئیسلامیەوە، و بە نیوو -لیبرالە مشەخۆر و گەندەڵکانیەوە.
یەسوابوونی هەموو هێزەکانی بورژوازی قەومی و ئیسلامی، بەرجەستەبوونەوەی ڕادیکالیەتی خەڵکی ڕاپەڕیو و بەرچاو ڕوونیان بە ڕادیەک گەیشتووە کە ئەزانن هیچ شتێک دادیان نادا جگە لە خەباتی یەکگرتووی خەیان و دەستپێشکاری شارشگەرانیان، و ئەمەش قەناغێکی تازەی هێناوەتە پێشەوە لە پرۆسەی خەباتی شارشگێرانە لە کوردستاندا.
هەڵچوونی جەماوەری لەم دوو پاریزگایەدا سەنگەری بەرەوپێشچوونی ڕاپەڕینن لە سەرتاسەری کوردستاندا؛ لە هەولێر و دهوک و شارەکانی تر، کە تا ئیستا بە زەبروزەنگ و سەرکوت ڕاگیراون. هەروەها، جەماوەری ئازادیخواز هاوبەرژەوەندن لەگەڵ هاوچینەکانیان لە سەرتاسەری عیراق و لەگەڵ ڕاپەڕینی ئوکتۆبەر لە شارەکانی ناوەراست و خواروو.
جەماوەر ڕاپەڕیوە بەووی هەردوو هێزەمی ئیسلامی – قەومی فەرمانڕەوای ئێستا لە بەغدا و هێزەمی ناسیونالیستی کورد لە کوردستان، و چیتر نابە دەسەڵاتیان لە چنگدا بێت وساتوسەودا بکەن بە چارەنوسمانەوە.
خەڵکی ڕاپەڕیو لە هەردوو ئەم پاریزگایەدا لە هەڵمەت و ووزەی شارشگیرانەیان کەم نیە، ئەوەی کە ئەرکی هەر ئیستایانە یەکخستنی هێزەکانی خەیان و دروستکردنی تەڵەی هاوئاهانگی نێوان هێزەکانی ڕاپەڕینە لە هەموو شارەکاندا و خەڵکخستن و هاوکاریانە بەهەر شێوەیەک کە گونجاو بێت بۆیان.
ئەرکەکی دەستبەجێی چالاکاوانانی ڕاپەڕین ئەوەیە کە کەمیتە و شورا هەڵبژیردراوەکانی جەماوەری دروست بکرێت لە گەڕەکی کەبونەوەی گشتی لە گەڕەک و گوڕپانکان و لە کارگە و شوێنکانی کاردا، تا بتوانرێ سەرپەرشتی بەرەوە چوونی ڕاپەڕین لە هەر شارێک ئەنجامبدات

و پێوەند و هاوکاری بە شارەکانی تر‌ەوە دابین بکات.
لەگەڵ بەردەوامی هاپەیندا کریکاران و گەنجان و ژنان و قوتابیان و مامۆستایان و کارمەندان پشتیوانی بەوەیە کە نەقابە و هێزە کخراوەکانی سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن تا ببنە هێزێکی سیاسی هێکخراوی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا.

جەماوەری هاپەریو، گەنجانی کچ و کوڕی ئازادیخواز، کرێکاران و خوێندکاری ستەمدیدەی کوردستان
• هاپەرینی ئەمڕۆتان کارەکی شۆرشگێڕانە و بەرهەڤ و پیویستە ئامرازەکانی خەباتی یەکگرتووتان و بەرگریتان لە هاپەرین بە شیوەیکی راستەوخۆ و دەستبەجێ دروست بکەن، و بە کردەوە ئیرادەی شۆرشگیرانەی خۆتان پیادە بکەن و دەسکەوتات و ئیدارەی شارەکان بگرنە دەست.
• دەسەلاتی میلیشیای و دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی تا هەناسەیان تیا بڕت درێغی ناکەن لە کوشتن و بڕین و گرتنی خوێکی هاپەیو و ئۆشکەنجەدانیان. هەربۆیە تاکە زەمانەتی ئارامی و ئاسودەیی، پشتەوێی یزی یەکگرتووتان و بەرینبوونەوەی هاپەین و خەباتی شۆشگەرانەیە لە سەرتاسەری کوردستاندا، و هاتنەناوەوەی هەرچی زیاتری جەماوەر بە یزەکانی هاپەین و بەدەستەوەگرتنی هەرچی زیاتری ئامرازەکانی دەسەاتدارێتیانە.
• با پێکەوە بانگەوازی هیزەکانی پلیس و پشمەرگە و هیزە چەکدرەکان بکەین کە یزەکانیان بەجێبهێڵن و پێوەست ببن بە یزی هاپەینەوە.
• خوێکی هاپەیوی کوردستان و زربەی هاووڵاتیان بە دوای وخاندنی دەسەاتی پارتی و یەکیەتی و هاوپەیمانکانیانەوەن بەخێیان و میلیشیاکانیان و دوو ئیدارەیی و پرلەمان و دەزگاکانی داپڵۆسێنەریانەوە، و بە ئەم ئامانجە هاپەریون. رگەی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم ئامانجەش هێکخستنی هێزی جەماوەری شۆشگەر لە کوردستاندا. بەام تا دەسەات هیشتا نەوخابت پیویستە ئەم داواکارییە دەستبەجێیانە بسپێنری بەسەریاندا.
• بەردانی هەموو زیندانیانی سیاسی لە هەموو کوردستاندا.
• دانی موچە بەبی هیچ لەبەینەک، و چاودێری نوێنەرانی هەبژراوی کریکاران و کارمەندان و مامۆستایان بە سەر بودجە و مووچە و دابەشکردنی.
• چونەدڕەوەی هێزەکانی دەسەات لە هەموو شارەکانی کوردستاندا و بواردان بە خەڵک کە خۆپشاندان بکەن و بشداری هاپەین بن.
• هیزە میلیشیایی وسیخوڕەکان و هەر هێزێکی چەکدرای تری حزبی

نابی بەندەت و ئەبێ هەبوشنرێنەوە.
لە هەر شوێنێک دەستەات بدەست ئورگانێکانی هەبژێراوی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکاران و کارمەندان و گەنجانی ئازادیخواز و ڕێکخراوە خەباتکاراکانیانەوە بێت، نابێ هیچ هێرشیکی سەربازی بکرێتە سەر لایەن دەستەات یا هەر هێزێکی ترەوە.
ئێمە ڕێکخراوی بدیلی کۆمەنیستی لە عیراق لە هەمان کاتدا کە سەرخۆشی ئاراستەی هەموو کەسو کار و دۆستانی گیان بەختکردووانی نەو ئێم ڕاپەینە ئێکات، لە هەمان کاتیشدا بەتوندی ئێم تاوانانەی هێزە سەرکوتگەرێکانی دەستەات سەرکەنە ئێکات و بەرپرسیاریەتی گیان لە دەستدانیان ئەخاتە ئەستیان. وە دەبێ دەستبەجێ بکوژانیان و ئەوانەش کە لەپشتی تاوانێکانن دەستنیشان بکرێن و بدرێن بە دادگا.
ئێمە هەروەها ڕێکخراوی بدیل کۆمەنیستی لە عیراق بانگەوازی جەماوەر ئێکات هەرش نێکرێتە سەر هیچ شوێن و بینایێکی خزمەتگوزاری و ئیداری و خوێندن و تەندروستی و هەر جێگایێکی تری بەرژەوەندی گشتی، وە بانگەوازی پاراستنیان ئێکات لەهەر دەستدرێژیێک. وە بانگەوازیش ئێکات کە بارگاکانی حزبێکانی دەستەات بکرێنە بنکەی دەستەاتداریەتی ڕاپەین و ئیدارەی شارەکان.
ئێمە شانبەشانی جەماوەری ڕاپەیو لە کوردستاندا خەبات ئێکەین بە بە سەر کەوتن گەیاندنی ڕاپەین.

ڕێکخراوی بدیلی کۆمەنیستی لە عیراق
٩ -١٢-٢٠٢٠

ئازادی .. ستار ئەحمەد

ئازادی نانکە بەخۆن سوور
لەدڵی نیشتماندا
بەپاژنەی چەتەکان پان دەکرێتەوە
شەش دزینی ئاڵایە
سەرکردە قاچی دوو کورسی
لەکۆڵی دەروونا
تەرمی پەپوولەکان بشارمەوە
ڕۆحی شەهیدەکان

لەجەستەم دادم
بارەگا ـ بۆسەی ئاگرەو
دۆزەخی بۆتاوان
پەرستگا ـ دەرگای بەخوێن هەنگاوی
چی لەخاکێك بکەم
پێخاوس لەنێویا بازبدەم
بەسەر گۆڕی دایك و
کۆرپەی سووتاوو
هاوەڵمی خنکاوما
زمانێکم بڕچییە
لەئاستی مافمدا
بەرەو داد نەبزوێ
چۆن نیشتمانێکم خۆش بوێ
دەرپێی ئازادی
لەژێریدا داکەنن
بەدوای چییدا بکەشم
کوشتارو راوو هووت
بکەنە دروشمم
کام ئاڵا
لەجەستەی خاکەکەم بپێچم
لەکاتێکدا لانەواز
هاوشارم
بە پارەو
دیوارو
دەرگاو
پەنجەرە
لەپاڵیا سەربڕن
مژووی چی
کام داستان
ئەفسانە
ڕمانی خیانەت
بە مانگ و هەتاوو
ئاسمانی دزراوم بەرزکەمەوە
بەچیوە بنازم
بەنەغمەی سەرشۆڕی و
بەستەی تاوان و
هەڵپەکێی تەفرەوە

یان بەنۆکەریی چوار جەلاد
تیغی ژەهراوی
دەخەنە زامی
کوردستانی گەورەوە.

ستار ئەحمەد

ڕاگەیاندنی سەربارەت بە خۆپیشاندانکانی هەرێمی کوردستان

بە ئاوەی کۆپییەکی تری گەندەڵ و فاشیلی گەلان، خۆپیشاندانکان، ئیستیغلال نەکات!

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی گەنجانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق، گەرای سەرەتای ڕاپەڕینێکی نوێیە دژ بە حکومەتی چەتەگەریی کوردیی و دژە گەورەکانی کوردایەتیی. ئەو گەنجە ئازایانە بە (دەست و گیرفان)ی خاڵییەوە بە گژ چەکدارە بەتەجییەکانی کوردایەتیی پارتیی و یەکێتیی و تەواوی ئەو حیزبانەی تردا دەچنەوە کە هەمووپان لە فەلەکی ئەم کوردایەتییە چەتەگەریییدا، دەسوڕێنەوە.

ڕاستە گەنجانی کوردستان، بەو تەمەنە کەمەوە(لە چواردە ساڵییەوە بە ناوەڕاستی بیستەکان)، تەجروبە و خیبرەی ئیدارەدانیان، نییە، پەویستیان بە ڕابەرایەتییکردن هەیە، بەڵام کام ڕابەرایەتی؟ ئایا بە دەبەت، ئەو مافە بەم نەوە ئازا و جەسوورە ندرە کە خۆیان ڕابەرایەتیی خۆیان بکەن و خەڵکی پێپولیست و بە فیکری کۆنە گەلانکان، سەرپەرشتییان بکەن؟ لای کەم داواکاریی و عەقڵییەتی ئەمان، لەگەڵ نەوە کۆن و کامەڵکانی جیلی ئاڵتونیی! کوردایەتییدا، جیاوازە.

چواردە ساڵ لەمەوبەر، ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە هەرێمی کوردستان،

وردە وردە گۆشەی دەکرد، گۆڕان بە ئاژەندای شەخسەکی تەراو لە یەکێتیی، بە هاوکاریی دەیان سیاسیی، ئەکادیمیست و نوخبەی جەراوجەر، تەواوی ئەو ناڕازایەتییانەی هەمژی و نییو میلیۆن دەنگیان برد بە هۆڵی پارلمانی دزە گۆڕکان و بەناوی حیزبی بە ئایدیۆلۆژیا و چاکسازییەوە، حیزبەکە بوو بە تەوریشی بنماڵە و لۆلایشەوە، صەدان پسپۆر و پلە و شەهرەتیان بە سیاسیی پێپولیست و ئەکادیمیی هەڵپەرست و دز، پەیدا کرد، پشتیان کردە ئەو هەموو ڕەحیلەتە ئێپزیسیۆنەی کوردستان و کەوتنەوە ناو خۆلانچکەی دەوڵەتە قوبرصییە-بارزانییە-ئەردۆغانییەکەوە و پرۆژەی تاڵانیی و چەتەگەریی (سەربەخۆیی ئابووریی) و تەنانەت لە جینۆسایدی شەنگالدا نە گۆڕان و نە وەزیری پێشمەرگەکیان، تا ئێستایش متەقیان لێوە نەهاتووە و بەو بەدەنگییەش، شەرعییەتییان بەو تاوانە دا.

ئێستا، کەمێک خەڵک کە زەربەیان گۆڕانە تەراوکانن، بییرکردنەوەیان بە میللیمەتریش لەو عەقڵییەتە نەتەوەپەرستییەی کوردایەتیی، جیاوازیی نییە کە ئەم وەزعەی ئێستای لە بەرهەم هاتووە، بە تایبەت ئەوانەی خەیان بە مۆغدور دەزانن و پێستی غەزووبەزیان بەرنەکەوتووە، بانگەوازی ئەوە دەکەن کە کۆنگرەیەکیان دامەزراندووە بە ڕابەرایەتییکردنی خەپشاندانەکان! ئەوەی جێگەی پرسیاری فرە ڕەهەندە، ئەوەیە کە چۆن کەسانێک هەر دوێنی بوو لە ئەهلی ریفراندەم بوون، لە کەنترۆکردنەوەی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکاندا، بەچوونکانیان لەگەڵ ڕووداو و کەی٢٤ دا، هیچ جیاوازییەکیان نەبوو،

هەر دوێنێ بوو عەراقیان بە لەعنەت دەکرد و سوێندی ئەکادیمیی کوردایەتییان دەخوارد کە عەرەب و کورد، ناتوانن لە یەک وڵاتدا پێکەوە بژین، ڕاسیزمیان بەرامبەر ئاوارە عەرەبەکانی سلەمانیی و هەولێر، تەشهیر دەکرد، تەنانەت لەم دوا دواییەشدا، تێیاندا هەبوو، داوای بەکارهێنانی تاپۆکەی ریفراندەم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییان دەکرد، چۆن ئەهلی میصداقییەت و سیاسەت و ئەخلاق و فیکری سیاسیی دەبن؟ چۆن دەکرێ متمانەیان پێ بکرێ کە ئەمانیش، هەمان ڕێچکەی باوکی هەژاران و حیزبە نوخبە بە ئایدیۆلۆژیەکەی ئەو، ناگرن؟

ناڕازایەتیەکانی خەڵک، دەرئەنجامی ئەو زووخاوەیە کە ئەم موئەسەسەی کوردایەتییە ٧٥ ساڵییە دەیکاتە دەی خەکەوە و مرۆڤی کورد بە کەیڵ و ڕەعییەتی خۆی دەزانێت. لە ئێستایشدا، خەپشاندانی گەنجان، ڕاستەوخۆ پەوەندیی بە نەبوونی عەدالەتی

کۆمەڵایەتییەوە هەیە، پێوەندیی بەو هەموو دزیی و چەتەگەریی‌ی نەوت و قاچاغچییەتییەوە هەیە کە ژیانی نوخبەیەکی کەم، لەوپەڕی خۆشگوزەرانییدایە، بەڵام بەشی هەرە زەری خەڵکی کوردستان، لەوپەڕی زەلالەتی ئابووریی و دارایی‌دا، گوزەران دەکەن.

دەرئەنجامی ئەمش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان دەیانەوێت، بەهەر نرخێک بێت، لەم چەتەگەریی‌ی کوردایەتیی رزگاریان بێت. ئەمە لە کاتێکدایە، زۆرێک لەوانەی کەنگرەی دەنگە ناڕازییەکان، مەنتاڵیتیی و بیرکردنەوەیان، لەو ئەندێشەیدا دەسوڕێتەوە کە پارادایمێکی تری کوردایەتیی جیاواز لەوەی پارتیی و یەکێتیی و گۆڕان…تاد، دروست بکەن و لەم ڕەگەزشکێنە، نەخشیی ئایدیۆلۆژیی و عوقدە نەژادییەکان و طموحە شەخصیی و ئیفرازاتە سیاسییەکانی خۆیان، بە چاکسازیی، خاڵیی بکەنەوە.

وەک‌ای ئەمانە، لە لەگەڵیکدا، ئاڵای هەرەم و ئاڵای کۆمۆنیستیی چین و سیمبۆڵی مشتکۆمێکی ستالینیستییانیان، وەکو هەموو چەشتە مجۆرییەکانی کوردایەتیی، تێکەڵوپێکەڵ کردووە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە گەنجانی کوردستانی عێراق، دوور لەو جیلە کۆنەی کوردایەتیی و ئەفکارکانیان و بەدەر لە و کەسانەی کە بەردەوام هەموو جەگەڵکان دەبنەوە سەر ڕووباری ئەو چەتەگەریی‌ی کە هەیە، خۆیان ڕابەرایەتیی و پێشەنگیی خۆیان بکەن و پڕۆژەو بەرنامەی سیاسیی و فیکریی خۆیان پێشنیار بکەن. پێویستە کەسانی دەسزیش کە غەمیان تەنیا داواکارییەکانی ئەو گەنجانەیە بە عەدالەتی کۆمەڵایەتیی، ئازادیی، کار، خۆشگوزەرانیی و ژیانێکی شەرافەتمەندانە، پشتیوانییان بکەن و بەرچاوڕۆشنییان بدەنێ، ئەوانیش وەری بگرن یان نا، ئازادن.

ئەم خێپشاندان و ئەم فشارانە بەوان نەبێت، بە سیاسیی و نوخبە بە تەمەنەکان و بەرژەوەندییخوازەکان ناکرێ. هەرکەسێکیش حیزب دروست دەکات، ئازادە، بەڵام دەبێ هەموو ئەوانە فەزح بکرێن کە خێپشاندانەکان بە عەرضی غوبنە سیاسییەکانیان بکار دەهێنن. چارەسەری بنەڕەتیی و هەمیشەیی ئەوەیە، بە گەنجانی کوردستان و عێراق(ئەو دەیان هەزار گەنجە عێراقییەی پشتیوانیی بە خێپشاندەرانی هەرەم دەردەبڕن)، فشار بێ دز و گەندەڵ و مافیاکانی عێراق(بەوانەی هەرەمیشەوە) بهێنن کە پرۆژەی تاڵانکردنی نەوت و غازی کوردستان بە تورکیا ڕابگیرێ و تەسلیم بە دەوڵەتی عێراق بکرێتەوە و بودجەی حەقیقیی و مەعاشی حەقیقیی بە موچەخۆرانی موستەحەقی کوردستان بێت، نەک عەقید و لیوا خانەنشینکراوەکانی

ناو ئەم کۆنگرێە و صەدان هەزار بندییوارەکانی پارتیی و یەکێتیی و تەواوی حیزبەکانی تر.

لە هەمووی گرنگتر، هەرکەسێ لە دەرەوەی وڵات(هەندەران) بێت، بە هیچ شێوەیەک مافی ئەوەی نەبێ، قیادەی وهەمیی ئەم خەڵکە بکات. ئەمە دەبێت کەسانێک بن، بە واقیعیی لە کوردستان بژیێن و لە گەندەڵیی و خورافاتە پەهەوانییەکانی کوردایەتییەوە، نەگلابن.

هەرکەسێکیش پێی خۆش و لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم باسدایە، دەتوانێ ناوی خۆی دابنێت.

1. ئاراز ڕەسوڵ
2. ئازاد مەلا نەبیی
3. ئازاد عەلیی
4. ئاسۆ جەوهەر
5. ئامانج عەلیی
6. ئیسماعیل حەسەن ئیسماعیل
7. ئەردەڵان ئەمیین
8. ئەوین ئەحمەد
9. بەدرخان مەحمود
10. بەهار جەبار عەلیی
11. بەهرەز حاجیی
12. د. پشتییوان سابیر
13. جەبار ئەحمەد
14. خەلیل حەمەد
15. خەرامان سابیر
16. دانیار حەسەن
17. ڕەستەم عەزیز سلەمان
18. ڕێباز حەسەن
19. ڕۆگەز کەمال
20. ڕەهەند محەمەد
21. ساماڵ عەبدوڵا
22. د.سیڤان سەعید
23. سەردار حەسەن
24. سەردار ئەمیین
25. د. شامیر مەولان
26. شنیار ئەنوەر حەسەن
27. د. شوان عەبدوڵا

28. شیما عزیز
29. کامیار سابیر
30. کاوە ئەحمەد
31. کوردستان عەلیی
32. کەردە عەبدولخالیق
33. کەمار یەنا
34. گەران عەبدوڵا
35. لاوان ع عەلیی
36. مصطفی شیخ محمد
37. د. موراد حەسەن
38. مەجید غەفور
39. مەحمود عەبدوڵا
40. مەروان عەلیی
41. نەجمەدیین عەلیی
42. هادیی حەمەعزیز
43. هەگر برایم
44. هەمن ڕەئوف
45. هەمن ع شێخ ڕەئوف
46. هەمن ئەحمەد ڕەضا
47. هیوا خەشناو
48. هەرەز جەمال
49. سەران ئیبراهیم
50. صەدرەدیین عەلیی
51. مەهدیی ئەبوبەکر
52. هەڤاڵ عەبدوڵا
53. توانا عەلیی